سەرکوتی بزووتنەوە ئیعترازی یەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران مەحکوومە کۆمیتـــــــەی هاوکاری هێزە سیاسیە کوردستـــانی یەکان و کۆروکۆمەڵە کوردیەکان شاری یوتبوری لە وڵاتی سۆئید .. 30/07/2005

*** ***

پاش شەهیدکردنی لاوی چالاکی کورد شوانە قادری ، رێکەوتی شەممە2005/7/13 ، لە شاری مەهاباد بە دەستی سوپای پاسداران، خەڵکی ئەو شارە رژانە سەر شەقامەکان و دەستیان داوە تە خۆپیشاندان و رێپێوان دژی سیاسەتە دژی گەلیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە تا ئەمڕۆش درێژەی بووە و بە م شیوە رق و تووڕەیی خۆیان لە مەڕ ئەو کردەوە جینایەتکارانەیەی رێژیم دەربڕیوە.

لە درێژەی ئەو ناڕەزایە تیانە، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانەوە گیراون یان بێ سەروشوێن کراون ، سەرکوت وەک نەریتێکی کۆماری ئاخوندی لەوپەڕی رووهەڵماڵاوی، دژی خەڵکی ئەو شارە درێژەی هەیە.

وێڕای زەبر و زەنگی بەردەوامی هێزە ئینتیزامیەکان، شار لە لایەن پۆلیس و دام و دەزگا تۆقێنەرەکانەوە ئابلۆقە دراوە، بە جۆرێک خەڵک ناتوانن ژیانی ئاسایی رۆژانەی خۆی بەڕێوە ببە ن. لە لایەکی دیکەوە خەڵک بە هەموو چین و توێژەکانیەوە لە بەرامبەر رەفتاری فاشیستانەی هێزەکانی جەهل و نەزانیدا لە بەربەرەکانیەکی بەردەوام دایە و بە بەرز کردنەوەی داخوازە رەواکانی خۆیان کە لە مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلدا چڕ دەبێتەوە، بێ ترس داکۆکی دەکە ن. لە بەرامبەردا، رێژیم وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی بە سەرکوت و زەبر و زەنگ وەڵامی ئەو داوخوازە رەوایانەی داوەتەوە.

بەردەوام بوونی بەربەرەکانی خەڵکی مەهاباد، بۆتە هۆی بەرین تر بوونەوەی ئەو بزووتنەوە ئیعترازیانە. لە چەند رۆژی رابردوودا خەڵکی شارەکانی پیرانشار، سەردەشت، مەریوان، بۆکان، ورمێ، نەغەدە و رەبەت و بەشێک لە لاوانی شاری کرماشان بۆ پشتیوانی کردن لە داخوازە رەواکانی خەڵکی مەهاباد رژاونەتە سەر شەرقامەکان و دەنگی ناڕەزایەتی و بێزاری خۆیان بە دژی سیاسەتە دژی گەلیەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا هەر وا دێ و پتر بەرز دەکەنەوە.

بەرز راگرتنی گیانی لە خۆبردوویی خەڵکی ئەم شارانەی کوردستان تا دێ بە جۆش و خورۆشتر دەبێ، بە چەشنێک سەرەڕای زەبر و زەنگی رۆژانەی هێزی سەرکوتکەری رژیم، جۆرێک حکومەت نیزامی بە سەر خەڵکدا سەپێندراوە.

* ئێمە کوردەکانی دانیشتووی شاری یۆتبوری لە وڵاتی سۆئید، ئەمرو روژی شەممە رێکەوتی 2005/7/30 لە میدانی گۆستفادلتوریت یۆتبوری کۆبووینەوە، وێڕای مەحکووم کردنی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان، پشتیوانی خۆمان لە بزووتنەوە ئیعترازییەکانی خەڵکی شاری مەهاباد و شارەکانی تری کوردستانی ئێران دەردەبڕین و داواکارین:

1 ـ ئەو کەسانەی دەستیان لە شەهید کردنی شوانە قادری دا بووە، بناسێندرێن و بدرێنە دادگا.

2 ـ هەموو زیندانیانی سیاسی و تێکڕای گیراوەکانی خۆپیشاندانەکانی ئەو چەند رۆژانەی دوایی بێ هیچ بیانویە ک ئازاد بکرێن.

3 ـ هێزە سەرکوتکەرەکانی رژیم لە ئابلۆقە دانی شارەکانی کوردستان دەست بە جێ پاشە کشە بکە ن.

4 ـ ئازادی پێکهێنانی رێپێوان، خۆپیشاندان، کۆڕ و کۆبوونەوەی ئاشتیخوازانە و هێمنانە بۆ خەڵکی کوردستانی ئێران دابین و دەستەبەر بکرێ.

5) تەواوەتی دەزگای رژێمی کۆماری ئیسلامی ئیران وەک هێرشکەر و تاوانبار بخرێتە ژێر پرسیار و تاوانباری و هەموو زیان و خەسارەتی خەڵکی کوردستان و تایبەتی شاری مهاباد قەرەبوو بکاتەوە.

6) ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران ملکەچ و پایبندی بە خاڵەکانی ڕاگەیاندراوی جیهانی مافی مرۆڤ لە کوردستان بکرێت و دەست لە کاروو باری ڕۆژانەی خەڵک وەرنەدات.

7) داوا لە بیرو ڕای گشتی جیهانی ، دام و دەزگا دەوڵەتی و مەدەنییەکان ئوروپا ، بە تایبەت سۆئێد و هەموو ڕێکخراوە مرۆڤدۆست و دێمۆکراتەکان دەکەین، هێرشی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر خەڵکی کوردستان و بە تایبەت شاری مەهاباد مەحکووم بکەن.

ئەوەی جێگای سرنج بوو تێکڕای بەشداربووان بە هەستێکی بەتین و سۆزەوە سەرەرای بارانی توند شاری یوتبوری ، لە کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان خوازیاری هاوکاری پتری هێزە سیاسیەکانی کورد بوون .

ئەم خۆپێشاندانە بە بەشداری کۆروکۆمەڵە کوردیـــەکان ، کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کوردستـــان و هێندەێك کەسایتی سیاسی کورد بەرێوە چوو ، کە بریتی بوون لە :

* کۆمەڵەی یەکیەتی کوردان لە یۆتبوری
* کۆمەلەی کوردی ژنانی
* کۆمەڵەی کۆلتوری کوردستان
* یەکیەتی لاوانی دێموکرات
* کۆمەڵەی کوردی لە شاری یوتبوری
* ڕێکخراوی ئاشتی و دێموکراتی کرکوك
* کۆمەڵەی کولتوری کورد بروسکەی روژهەلات

کۆمیتـــــەی هاوکاری هێزە سیاسیە کوردستـــان:

* **کومه له ی شورشگیری زه حمه تکیشانی کوردستانی ئیران**
* **حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران**
* **پارتی دێموکراتی کوردستان**
* **یه کیه تی نشتیمانی کوردستان**
* **حیزبی شیوعی کوردستان**
* **پارتیا یه کیه تیا دیموکراتیا کورد له سوریه( یه کیه تی)**

**وێنـــەکانـــی شـــاری یـــوتـــبوری روژی شەمـمـە 30-07-2005**


سەرکەوێ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد




سەرکەوێ بزووتنەوەی


KURDISKA FOLKET
HAR OCKSÅ SIN DRÖM